زانكۆی سەلاحەددین–هەولێر
كۆلیژی پەروەردە / شقلاوە
بەش : فیزیك

# تیۆری باڤلۆڤ

# (مەرجداری كلاسیكی – الاشتراط الكلاسیكی)

م. نارین كمال سعید

E-MAIL : nareen.saeed@su.edu.krd

# ئامانج لەم بابەتە



- ✓ ناساندنی ئیڤان باڤلۆڤ
- ✓ تاقیکردنەوەکەی
- ✓ چەمکە سەرەکیەکان
- ✓ یاساکان
- ✓ سوودە پەروەردەیکان

# ئیڤان باڤلۆڤ



* ناوی تەواوی ( ئیڤان بتروفیتس باڤلوڤ ) .
- له سالی □□□□تر له روسیا لەدایك بووه .
- له □□□□تر كۆچی دوای كردووه .

* گرنگی به لێكولینەوەی لەكۆ ئەندامی هەرسكردن داوه.

* دەستی به خوێندنی پزیشكی كردوه له
زانكۆی ( قەدیس بوترس )

*وەك بەرێوبەرێك له تاقیگه
یاخود كارگەی فسیولوژی كاری دەكرد له پەیمانگای
پزیشكی ئەزمونی له زانكۆی قەدیس بوترس.

* ناوەكانی ئەم تیۆره : وەلامدانەوەی مەرجدار
یان مەرجی پاڤلوڤی
فێربوونی كاردانەوەیی یان مەرجایەتی كلاسیكی یان پەیوەستی مەرجایەتی .

# واتای پەیوەستی مەرجایەتی

وروژێنەرێکی بێلایەن خەسڵەتەکانی وروژێنەرێکی سروشتی بۆلای خۆی کێش دەکات پاشان پێی دەوترێت وروژێنەری مەرجی.

# چەمکە سەرەکیەکانی تیۆری باڤلۆڤ ( المفاهیم الأساسية في نظرية بافلوف ):

**تر- وروژێنەری نامەرجی یان سروشتی:**

واتە هەر ڕووداوێك ببێتە هۆی ڕوودانی وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی خۆنەویست ، واتە پێویستی بەفێربوون نیە , وەڵامدانەوەشی بەشێوەیەکی سروشتی دەبێت .

**یر- وروژێنەری بێلایەن:**

ئەم وروژێنەرە کاریگەری لەسەر رەفتار نیە .

**□- وروژێنەری مەرجی:**

ئەم وروژێنەرە بێلایەنە پاشان توانای ئەوەی دەبێت کەوەڵامدانەوە دروست بکات لەئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ وروژێنەری سروشتی و خاسیەتەکەی وەردەگرێت.

## - وەڵامدانەوەی نامەرجی یان سروشتی:

ئەمە خۆنەویستە ( لاإرادية ) ، کەئەنجام دەدرێت بەرامبەر وروژێنەر سروشتیەکان ، واتە پێویستی بەفێربوون نیە .

## - وەڵامدانەوەی مەرجی:

ئەمە وەڵامدانەوە یان پەرچەکرداری سروشتی یە کە فێری دەبین لەئەنجامی تێکەڵبوونی وروژێنەری بێلایەن بەوروژێنەرە سروشتیەکان .

# یاساکانی مەرجداری ( قوانین الإشراط ):

**ت- کوژانەوە :**

واتە وەستانی دەرکەوتنی وەڵامدانەوەی مەرجی فێرکراو لەبەرامبەر وروژێنەری مەرجی ، ئەمەش لەئەنجامی بوونی وروژێنەری مەرجی و دەرکەوتنی چەند جارێك بەتەنها ، بەبێ ئەوەی وروژێنەری سروشتی بەدوایدا بێت. بۆ نموونە : چەند جارەك زەنگی لێدا و خواردنی نەدا سەگەکە ، تێبینی کرد چێتر وەلامی نابی (رژاندنی لیك) .

**ێ- گشتاندن :**

واتە یەك وەڵامدانەوە بەرامبەر بەکۆمەڵێك وروژێنەری هاوشێوە ، بەڵام جیاوازن . بۆ نموونە : لەم تاقیکردنەوە گەر جگە لەزەنگەکە مۆسیقایەك با ئەوا هەمان وەڵامدانەوەی دەبوو.

## - جیاکاری:

ئەمە واتە وەڵامدانەوە بەرێگەی جیاواز بۆ کۆمەڵێك وروژێنەری هاوشێوە . واتە وەڵامدانەوەی تەنها بۆ وروژێنەرە هاندراوەکان یان پاڵپشتیکراوەکان دەبێت ، وەڵامدانەوەی بۆ وروژێنەرە ناپاڵپشتیکراوەکان نابێت. **بۆ نموونە** : لەم تاقیکردنەوەیە سەگەکە فێربوو ئەو وروژێنەرە مەرجدارەی کە خواردنی بەدوا دەهات جیابکاتەوە لە وروژێنەرەی کە پالپشتی لەگەڵدا نەبوو ( خواردن )

## - رێگریکردن:

واتە لاوازبوونی وەڵامدانەوە بەرەبەرە و دوایی نەمانی وەڵام ، پێشکەشکردنی وروژێنەری مەرجی بەتەنها و بێ وروژێنەری نامەرجی. **بۆ نموونە** : دەنگی زەنگ و نەبوونی خواردن چەند جارێك دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی لیك دواتر نەمانی لیك.

# سوودە پەروەردەیەکان یان پراکتیزەکردنی پەروەردەیی تاقیکردنەوەی باڤلۆڤ ( التطبيقات التربوية لتجربة بافلوف ):

- بەکارهێنانی کرداری بەیەکەوەبەستن لە فێرکردنی هەندێك وشەو زاراوە لەمنداڵدا هەروەکو بەیەکەوەبەستی شیوەیەکی ئاشنا بەو وشانەی کە گوزارشتی لێوە دەکەن، (شێوەی شتەکە-وێنەکە) دەبێتە ورووژێنەری سروشتی، وەئەو وشانەی ئاماژە بە شێوەی شتەکە دەکەن دەبێتە ورووژێنەری مەرجی.

بەیەکەوە بەستن ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتنی نەریت(خوو)لەلای مرۆڤ وئاژەڵ.

- ⋆ ڕاهاتن(خووگرتن)بریتییە لە ئامادەیی تاك، چونکە وەڵامی ئەو نیشانە وهێمایانە دەداتەوە کەلە شوێنی یان لەجیاتی شتومەك وروژێنەرە ڕەسەنەکە بەکاردەهێنرێن.
- ⋆ کاتێك لەپەرتووکی خوێندنەوەی منداڵدا وێنەی ورچێك دەکێششرێت ولەژێر وێنەکە دەنووسرێت(وورچ) بەیەکە وەبەستنێکی کاتی(زەمەنی)لەنێوان وێنەکەو قسەکردن لەسەرووێنەکە(خوێندنەوەی ناوی وێنەکە)ڕوودەدات، هەر بەبیستنی وشەی ورچ واتای ورچ لە هزری ئەو منداڵە دەوروژێت.

- پاداشتی دەرەکی لەبنەما سەرەکییەکان دادەندریت کە ئیستا لەفێربووندابشتی بیدە بەستریت .

- بەکارهێنانی بنەمای جیاکردنەوەو گشتاندن لە شیکردنەوەی زۆرێك لەرواڵەتەکانی فێربووندا ، وەك فێربوونی پیت و ژمارە و ناو و شێوە ....

لەهەر پرۆگرامێکی خوێندندا جیاکردنەوەو گشتاندن بەشێوازێکی گرنگی فێربوونی ڕاستیەکان وزانیارییەکان وچەمکەکان و بنەماکان دادەنرێت.

- دەتواندریت سود لەم تیورە وەربگیرێت لە چاکردنی رەفتارو بەرنامەی چارەسەرکردنی دەروونی .وە دەتواندریت لەرێگەی هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتییەوە کۆمەڵی ئاراستەوە و راو بۆچونی باش و پوزەتیف لەلای منداڵ سەبارەت بە خوێندن و مامۆستا و هاورێکانی دروست بکریت .

- دەکرێت سوود لە بیروبۆچونەکانی باڤلۆڤ دەربارەی کوژاندنەوە وەربگیرێ بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی زۆر رەفتاری نابەجێ و خوی هەڵەی مندالان لەکاتی خوێندن و نووسین و بیرکاری و .... تووشیان دەبن .


1

# تیۆرەكانی فێربوون :

بریتیە لە هەوڵ و كۆششێكی رێكخراو بۆ پێكهێنان و دروست بوونی زانیاری دەربارەی رەفتاری مرۆڤەكان و رێكخستنیان و كۆكردنەوەیان بەرامبەر بە راستی و پرێنسیپ و یاساكان .

یان

ڕێگایەكن بۆ ڕێكخستن و توێژینەوەی هەندێك لەگۆڕاوەكانی فێربوون، كەبەهۆیەوە مامۆستایان تاقیكردنەوەو تایبەتمەندیەكانی كرداری وانەوتنەوە لەماوەی وەرزی خوێندن جێبەجێ دەكەن .

سوپــاس بۆ گوێگرتنتان